

# کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیسم

**(۳)**

**نووسینی : و . ا . لنین**
**وەرگێڕانی : ناسر ئەمین نژاد**

- **لێتێگەیشتنی ماتریالیستیی مێژوو**

مارکس باش دەیزانی کە ماتریالیزمی کۆن ناشێلگیر، ناتەواو و یەک لایەنەیە. هەر ئەمەش مارکسی خستە سەر ئەو بڕوایەی کە پێویستە و دەبێ «زانیاریی کۆمەڵایەتی لە گەڵ بنەمای ماتریالیستیی هاوئاهەنگ بکرێ و پێبەپێی ئەم بنەمایەش نوێ بکرێتەوە»[1] ماتریالیزم بە گشتی بوون«هستی» بە سەرچاوەی وشیاری «شعور» دەزانێ نەک بە پێچەوانە. کەوابو ئەگەر لەم ڕوانگە ماتریالیستییەوە بڕوانینە ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان ئەو ڕاستییە دەکەوێتە بەرچاو کە وشیاری کۆمەڵایەتیش لە بوونی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. مارکس دەڵێ: «تکنۆلۆژی نیشاندەری پێوەندی هەڵسوڕاوانەی مرۆڤ لە گەڵ سروشت و ڕەوتی ڕاستەوخۆی بەرهەمهاتی ژیانی مرۆڤە، پێ بەپێی ئەمەش نیشاندەری هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ و ئەو هزر و ڕوانینانەیە کە لەو هەل و مەرجەوە سەرچاوە دەگرن»[2]

مارکس لە پێشەکی کتێبی «ڕەخنەیەک لە ئابوری سیاسی» بەم ڕستانە قەوارەیەکی تۆکمە و پوخت لە حوکمە بناخەییەکانی ماتریالیزم دەدا بە دەستەوە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مێژووەکەشی دەگرێتەوە:

- «...ئینسانەکان لە ژیانی خۆیاندا و لە کاتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، بە ناچار دەکەونە ناو بازنەی پێوەندییەکی بەرهەم هێنەرانەی دیار کە بە پێی مەیل و ویست و ئیرادەیان ناچتە پێش، بەڵکو هاوتەریبە لەگەڵ قۆناغی هەڵدانی هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکانیان ... تێکڕای ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی قەوارەی ئابووری کۆمەڵگایە کە دەبێتە ئەو ژێرخانە ڕاستەقینەیەی کە سەرخانی حقوقی و سیاسی کۆمەڵگای لەسەر سازدەبێ، بەرزدەبێتەوە و شێوازێکی دیار لە وشیاری کۆمەڵایەتیش خۆی نیشان دەدا کە لەگەڵیدا دەگونجێ. شێوەی بەرهەم هێنانی ژیانی مادی بڕیاردەری هەمو ژیانی کۆمەڵاتی، سیاسی و مەعنەوی ئینسانەکانە. وشیاری ئینسانەکان بڕیاردەر و دیاریکەری بوون «هستی» نیە، بەڵکو بە پێچەوانە ئەوە هەستی و بوونی کۆمەڵایەتییە کە بڕیاردەری وشیاری کۆمەڵایەتی ئینسانەکانە. هێزە بەرهەم هێنەرە مادییەکان لە پلەیەکی دیاریکراو لە گەشە و پێگەیشتنیاندا لەگەڵ پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان یا چاکتر بڵێین لەگەڵ پێوەندییەکانی خاوەنیەتی[3] ـ کە تا ئێستا لە ناو جەرگەیدا پێدەگەیشتن ـ دەکەونە ناکۆکی. ئەم پێوەندییانە لە جیاتی ئەوەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان گەشە پێ بدەن دەبنە کۆسپ لە سەر ڕێگای گەشەساندنیان و بەمجۆرە سەردەمی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان پێدەگات.»

- «... بە گۆڕانی ژێرخانی ئابوریی، تێکڕای سەرخان و ڕوکارە گەورە و گرانەکەشی درەنگ یا زوو تووشی گۆڕان دەبێ. هەمیشە دەبێ لە شیکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییانەدا هەم گۆڕانکاری مادی لە هەلومەرجی ئابوری بەرهەمهێناندا ببینین ـ کە بە وردبینیی زانستە سروشتییەکان شیاوی دیاریکردنن، هەم گۆڕانکاری لە بیچمی

---

[1] ئینگێلس، "لودویک فویرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمان"،بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم بەرهەمە، چاپی مۆسکۆ، لاپەڕەی۳۵.

[2] ـ کاپیتاڵ بەرگی یەکەم، بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم بەرهەمە لاپەڕەی ۳۴۹

[3] ـ پێوەندییەکانی خاوەنیەتی هیچ شتێک نیە جگە لە بەیان و دەربڕینی مافەکانی ناو بازنەی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان.

حقوقی، ئایینی، سیاسی، هونەری، فەلسەفی و هەروەها گۆرانکاری لەو شێوازە بیروراییانەشدا ببینین لە ئینسانەکان لەو بازنە فکرییەدا لێکدانەکان دەرک پێدەکەن و لە دژیان خەبات دەکەن. کەوابوو دەبێ هەموو ئەو گۆرانکارییانە بە بێ لێکهەڵاواردن بە باشی ببیندرێ»

- «... هەر بەوجۆرەی کە ناکرێ لەسەر کەسێک بە پێی دیتنی خودی ئەو کەسە لەسەر خۆی داوەری بکرێت، بەهەمان جۆریش ناکرێ سەبارەت بە دەورانێکی ئەوتۆی گۆرانکاریش بە پێی وشیارییە کۆمەڵایەتییەکەی(شعور) داوەری بکرێت، بەپێچەوانە دەبێ ئەم وشیارییە بەپێی دژایەتییەکانی ژیانی مادی و لەسەر ئەساسی لێکدانی مەوجود لە نێوان هێزەبەرهەم هێنەرەکانی کۆمەڵ و پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان شەرح و شیی بکرێتەوە»
- «... دەکرێ شێوەکانی بەرهەم هێنانی ئاسیایی، کۆن، دەرەبەگایەتی و هاوچرخ واتا بورژوازی لە هێڵی گشتی دەورانەکانی گەشەی شێوەبەندی[4] ئابوری ـ کۆمەڵایەتی دابنێین» (لەگەڵ ئەو فۆرمولبەندییە کورتەدا هەڵیسەنگێنن کە مارکس لە نامەیەکدا بۆ ئەنگێلس لە ٧ی ژوئیەی ساڵی١٨٦٦ دیاری و دەست نیشانی کردوە: «تیۆری ئێمە دەربارەی دیاریکردنی رێکخستنی کار بە هۆی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان»[5]

دۆزینەوەی لێتێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو، یان بە واتایەکی وردتر درێژەپێدان و بەرینکردنەوەی شێلگیرانەی ماتریالیسم لە مەیدانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دوو کەموکوڕی بەرچاوی لەسەر تیورییەکانی کۆن سرییەوە:

١. ئەو تئورییانە لە باشترین حاڵەتدا تەنیا هەوێنە هاندەرە فکرییەکانی هەڵسورانی مێژوویی ئینسانەکانی شیی دەکردەوە، بە بێ ئەوەی لە قانونمەندی عەینی هەڵدانی سیستەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگەن، بەبێ ئەوەی لە ناو پلەی هەڵدانی بەرهەمهێنانی ماددیدا بە شوێن ئەو پێوەندییانەدا بگەرێن.

٢. تئورییە کۆنەکان هەر بەو جۆرەش کاریان بەسەر هەڵسوران و دەوری کۆمەڵانی خەڵکەوە نەبوو. بەڵام ماتریالیزمی مێژوویی بۆ یەکەمجار ئەو دەرفەتەی خوڵقاند کە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی ژیانی جەماوەر و گۆرانی ئەو هەلومەرجە، بە سەنگ و تەرازوی وردبینانەی زانستە سروشتییەکان لێک بدرێتەوە.

کۆمەڵناسی و مێژوونوسیی بەر لە مارکس لە چاکترین حاڵەتدا کاری ئەوە بوو کە زۆر بەڵگە و نمونەی خاو و لەیەک دابراو لەسەریەک کەڵەکە بکاو و روکاری هەندێک لایەنی مێژووی بدا بە دەستەوە. بەڵام لە لێکۆڵینەوەی مارکسیستیدا سەرجەمی مەیلە دژ بە یەکەکان لێک دەدرێتەوە و جەمسەری ئەو لێکدانەوەش بە هەلومەرجی ژیان و بەرهەمهێنانی چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگاوە گرێ دەدرێتەوە، هەلومەرجێک کە دەکرێ بە وردی دیاری و دەستنیشان بکرێت. لە لێکدانەوەی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتیدا شێوازێکی زەینی گەری هەیە کە بە کەیفی خۆی هەندێک مەیل و بۆچونی "باڵادەست"ی ناو کۆمەڵگا هەڵدەبژێرێ و ئەمە دەکاتە هەوێنی شەرح و لێکدانەوەکانی خۆی. مارکسیسم بە توندی بەرپەرچی ئەو شێوازەی دایەوە و بە دۆزینەوەی رەگ و ریشەکانی هەموو ئەو مەیل و بۆچونە جۆراوجۆرانە لە چۆنیەتی هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکاندا، رێگای لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە و بەرفراوانی رەوتی سەرهەڵدان، پێگەیشتن و فەوتانی شێوەبەندییە ئابوری ـ کۆمەڵایەتییەکانی نیشان دا. ئینسانەکان خوڵقێنەری مێژووی خۆیانن، بەڵام بناوان و مەیلی هاندەری ئینسانەکان و بەتایبەت جەماوەری ئینسانەکان (بۆ خوڵقاندنی ئەو مێژووە) لە

---

[4] ـ شێوەبەندی واتە فرماسیون

[5] ـ لەم نامەیەدا کە لنین ئاماژەی پێدەکات، مارکس نوسیویەتی؛ لویی بناپارت هەتا ئەو کاتەی لە باری چەک و چۆڵ و هێزی نیزامییەوە خۆی تەیار و ئامادە نەکردبێ، شەڕ دەست پێ ناکات و قسەی چەک و چۆڵی نوێ و مودێرن دێنێتە پێش و ئیشارە بەم روانگە ئەساسییە دەکات کە ئامێری بەرهەم و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بڕیاردەری شێوەی رێکخستنی کارن. مارکس کورت و پوخت نوسیویەتی:"تیۆری ئێمە سەبارەت بەوەی کە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دیاریکەر و بڕیاردەری رێکخستنی کارن لە هیچ شوێنێکدا بە قەدەر سەنعەتی مرۆض کوژی بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو بەدەرەوە نیە و ناسەلمێ.")نامەی مارکس بۆ ئینگێلس، ٧ی ژوئیەی ساڵی١٨٦٦،سەرجەمی بەرهەمەکانی مارکس و ئینگێلس، چاپی دوهەم، بەزمانی روسی لاپەڕەی٢١( ـ .) و.ف(

کوێ دایە؟ بۆچیی بیروڕاکان، مەیل و هەوڵە دژ بەیەکەکان بەگژ یەکتردا دەچن؟ سیمای گشتی ئەو بەگژ یەکتردا چونەی نێوان جەماوەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چۆنە؟ هەلومەرجی عەینی بەرهەمهێنانی ژیانی مادی ـ کە بنەمای هەڵسوڕانی مێژوویی ئینسانەکان پێک دەهێنێ ـ چۆنە و چییە؟ یاساکانی هەڵدانی ئەم هەلومەرجانە کامانەن؟ ... مارکس سەرنجی داوەتە هەمو ئەم پرسیار و بڕگانە و ڕێگای لێکۆڵینەوەی زانستییانەی مێژووییشی نیشان داوە، کە سەرەڕای ئەو هەموو فرەچەشنیی و لایەنی جۆربەجۆر کە هەیەتی، سەرەڕای ڕێگایەکی ناوەکیەک و دژبەیەک کە دەیپێوێ، دیسانیش ڕەوتێکی یەکانگیر و قانونمەندی هەیە.

- **خەباتی چینایەتی**

بۆ هەموان ئاشکرایە کە مەیل، بۆچون و هەڵسوڕانی تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگا وەک یەک نیە و ژیانی کۆمەڵایەتی لێواولێوە لە دژایەتی جۆراوجۆر. ئەوەش ئاشکرایە کە مێژوو قسە لە کێشەی نێوان گەلان و کۆمەڵگاکان و هەروا قسە لە ململانێی ناوخۆییان دەکات، سەرەڕای ئەمەش باسی ناوبەناو بوونی دەورانەکانی شۆڕشگێڕی و کۆنەپەرستی، شەر و ئاشتی، داکشان و گەشەی خێرا یاخود داکەوتن دەکات. مارکسیزم لەم مەیدانەدا جەمسەرێکی ڕێنمایی کردنی داوە بەدەستەوە تا لەم دۆخە بە ڕواڵەت ئاڵۆز و شڵەژاوەدا ڕاسا و ریسایەک بدۆزرێتەوە. ئەم جەمسەرەش خەباتی چینایەتییە و تەنیا لە ڕێگای شییکردنەوەی سەرجەمی مەیل و هەوڵەکانی تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگا یان توێژ و گروپێکی کۆمەڵگایە کە دەکرێ دەرئەنجامەکانی ئەم کێشومەکێشە لەسەر بنەمایەکی زانستی دیاری بکرێت. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بناوان و سەرچاوەی ئەم هەوڵ و مەیلە دژ بە یەکانە لە جیاوازی بارودۆخی ژیانی چینایەتیدایە کە هەر کۆمەڵگایەک بەسەریدا دابەش دەبێ. مارکس لە مانیفیستی حیزبی کمونیستدا دەڵێ:

- «...مێژووی هەموو کۆمەڵگاکانی تا ئێستا[6] مێژووی خەباتی چینایەتییە. سەربەست و کۆیلە, خانەدان و رەشایی, بۆرە, ئاغا و رەعیەت، وەستای کارگە و بەردەست, بە کورتی زۆردار و زۆرلێکراو کە هەمیشە ناکۆکییەکی لە ئاشتی نەهاتوویان لەنێواندا هەبوە، ئەمانە بەردەوام و بێپسانەوە زۆرجار بە ئاشکرا, جاری واش بە نهێنی، لە دژی یەکتر ڕاساون. ئەم کێش و مەکێشە بەردەوام یان بۆتە هۆی نۆژەنکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاپای کۆمەڵگا, یاخود فەوتانی هەر دوو چینی بەرنگاری دژ بە یەکی لێ کەوتۆتەوە...»
- «...کۆمەڵگای بورژوازی هاوچەرخ کە لە جەرگەی کۆمەڵگای فەوتاوی دەرەبەگایەتییەوە سەری دەرهێناوە, دژایەتییە چینایەتییەکانی نەسڕیوەتەوە, بەڵکو تەنیا چینی نوێی خوڵقاندووە و هەلومەرجی نوێی زۆرداری کردن و شێوەکانی نوێی خەباتی چینایەتی هێناوەتە گۆڕ...»
- «...بەڵام خاڵی جیاوازی ئەم سەردەمە نوێیە ئەوەیە کە سیستەمی بورژوازی دژایەتییە چینایەتییەکانی سادە و بەر چاوتر کردۆتەوە. کۆمەڵگا پتر لە جاران بەسەر دوو ئۆردوی گەورەی دژ بەیەک, بەسەر دوو چینی مەزنی دەستەویەخە واتە بورژوازی و پرۆلتاریا دابەش دەبێ.»[7]

مێژووی کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئوروپایی بەتایبەت لە شۆڕشی مەزنی فەرانسە بەدواوە بە ڕاشکاوی دەری خستوە کە خەباتی چینایەتی کاکڵەی ڕاستەقینەی هەمو ڕوداوەکان بووە. تەنانەت مێژوونوسانێکی وەک «تێری Thierry»،«کیزۆ Guizot»،«مینیە Mignet»،«تیر Thiers» کە لە سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەنی بۆ فەرانسە سەریان هەڵدا، لە لێکۆڵینەوە و پێکەوەگرێدانی ڕووداوەکاندا نەیاندەتوانی دان بەوەدا نەنێن کە خەباتی چینایەتی کلیلی لێتێگەیشتنی سەرتاسەری فەرانسەیە. بەڵام لەم سەردەمەدا، سەردەمێک کە بورژوازی بە تەواوی تێیدا باڵادەست و سەرکەوتەیە, سەردەمێک کە دامودەزگا و مافی بەربڵاوی هەڵبژاردن لە گۆڕێ دایە (هەرچەند گشتی و تێکڕاییش نەبێ) سەردەمێک کە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە بە هەرزانترین قیمەت دەگاتە دەست جەماوەر, سەردەمێک کە یەکێتی

---

[6]. دواتر ئینگێلس ئەم نیوە رستەیەی لێ زیاد کرد" جگە لە کمۆنی سەرەتایی".
[7]. بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم بەرهەمە لاپەڕەی ٦١ و ٦٢

بەهێز و بەرینی کرێکاران و یەکێتی خاوەن کارەکان و هیتر لە گۆڕێ دان, زیاتر و زۆرتر لە جاران خەباتی چینایەتیمان وەک هێزی تەکاندەر و ماتۆری روداوەکان دەخاتە بەرچاو. هەرچەندیش جاروبار بە شێوەی زۆر یەکلایەنە «هێمنانە» و لە «چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیش»دا دەچێتە پێش. ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی "مانیفیستی حیزبی کمونیست" بکرێ, بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە مارکس بۆ شیکردنەوەی عەینی بارودۆخی هەر چینێک لە ناو کۆمەڵگای هاوچەرخ و لە ڕەوتی پێگەیشتنیدا چ چاوەروانییەکی لە زانستی کۆمەڵایەتی هەبوو:

- «لەو چین و توێژانەی کە ئێستا لە بەرامبەر بورژوازیدا وەستاون, پرولتاریا تاقە چینێکی بەراستی شۆرشگێرە. ئەوانی دیکە پێ‌بەپێی گەشەی پیشەکان دادەکشێنە خوار و لەنێودەچن. پرۆلتاریا خۆی خولقاوی پیشەسازی گەورەیە. هەمو چینە ناونجییەکان واتە سەنعەتگەری بچوک, کاسبکار, پیشەوەر و وەرزێر بۆیە بەرنگاری بورژوازی دەبنەوە هەتا بوونی خۆیان وەک چینی ناوەندی لە فەوتان رزگار بکەن. کەوابو ئەمانە شۆرشگێڕ نین, بەڵکو خۆپارێزن و لەوەش واوەتر کۆنەپارێزن, چونکا هەوڵ دەدەن رەورەوەی مێژوو بەرەو پاش هەڵگەرێننەوە. ئەوانە دەزانن کە بەم‌زووانە مەترسی کەوتنە ناو ریزی پرۆلتاریایان لەسەر رێگەدایە، جا بۆیە شۆرشگێرییەکەشیان هەر تا ئەو رادەیە کە بەر بەو مەترسییە بگرن، بەمجۆرە بەرگری لە بەرژەوەندی دوارۆژیان دەکەن، نەک بەرژەوەندی ئێستایان و واز لە بیرورا تایبەتییەکانی خۆیان دێنن هەتا بیروڕوانگەی پرۆلتاریای لە جێگە دابنێن.[8]»

مارکس لە کۆمەڵێک بەرهەمی مێژوویدا زۆر نمونەی پرشنگدار و بەپێز لە مێژوونووسیی ماتریالیستی و لێکدانەوەی وەزعی هەر چینێک بە جیا و جاروبار توێژە جۆربەجۆرەکانی ناو یەک چین بە جوانی نیشان دەدا و دەری دەخات کە بۆچی و لەبەر چی «هەر خەباتێکی چینایەتی بۆخۆی خەباتێکی سیاسییە». ئەو برگەیەی کە هێنامانەوە دەری خست کە مارکس چ ڕایەڵەیەکی ئاڵۆز لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و قۆناغەکانی تێپەر بوون لە چینێک بۆ چینێکی دیکە, لە پەرینەوەی بۆ داهاتوو لێک دەداتەوە هەتا بتوانێ بەرئەنجامەکانی پێگەیشتنی مێژوویی بدا بە دەستەوە.

فێرکراوە ئابورییەکانی مارکس بەڵگەی راستی و دوروستی تئوری مارکسن، چونکا بە قوڵترین، وردبینانەترین و هەمە لایەنەترین شێوەکانی زانستی لێکدراونەتەوە.

کۆتایی بەشی سێهەم

---

[8] بروانە وەرگێردراوی فارسی ئەم بەرهەمە لاپەرەی ٨١